چاککردنی کۆمەڵگای کورستان

# کاریگەریەکان و داواکاریەکان لە کۆمەڵگای نوێ دا و مۆدێلێک

**ئاسۆ حامدی**

ئەم هەموو ئاڵوگۆڕانەی هۆیەکانی بەرهەمهینان بە قەولی زاناکان نەوەی ئاینشتاینی بەبەرهەم هێناوە،نەوەی تازە لە فازێکیتردا و بە وەزعیەتێکی کۆمەڵایەتی جیاواز پەروەردەدەبێ و گۆش دەدرێ. ئەم پەیوەندیەکۆمەڵایەتیانە کە سەرچاوەکەی لە ئاڵوگۆڕە ئابووریەکان هەڵێنجاوە.

نەوەی تازە لە وولاتانی پیشەسازیدا ( ڕەنگە لە هەموو وولاتان هەروابێ.. ئەگەریش وا نەبێ ئەوا بۆ ئەم مەنزڵە هەنگاوی هەڵگرتووە) چەند سیفاتێکی تازەی لە خۆە گرتووە لە گشتدا و لە تایبەتدا خۆیان لە ئیگۆیستیدا( ئەنانی) دۆزیوەتەوە، بەنموونە هەموو شتێ بۆتە من و من، مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان لە سەرەتای خۆیاندا روو لە گۆشەگیری دەکەن.لە بیری لیبرالی دا بەتەنیا ژیان و گوزەران و تەنها ئازادی کەسایەتی بۆتە مەسەلە و هەروا ڕوو لە گەشە سەندنن. لیبرالیزمی نوێ هەرچی زیاتر دەیەوێ بنەما کۆمەڵایەتیەکانی چینایەتی ڕەشبکاتەوە و شان لەبەر هەموو هەلوێستە کۆمەڵایەتیەکان دابخزێنێ و هەمووی لە تاکدا چڕ بکاتەوە. لە سیستەمی پەروەردەیی دا منداڵان لە سەرەتاوە وا پەروەردە دەکرێن هەموو شتێ پەیوەندیان بە خۆیان هەیە و خۆیان لیپرساوی هەموو شتێکن. ئەمە ترسناکترین نەوە پەرەوەردەدە دەکات و هێندەیتر تەمەنی مولکداری تایبەت گەشە پیدەدا.

لە حساباتی لیبرالیزمی نوێدا کات یانی دراو. دراویش یانی هەموو شتێ. ئەمەش چۆتە ناو هەموو کەناڵەکانی ژیان و گوزەران و بێ دراو هیچ ناکرێ لە گشت دا. بەنموونە لە هۆلەند ئەکادیمیەک پێ دەلێت سێ گا، یان بشتر بلێین

ئێستا ناویان ناوە مۆدێلی

G3

1. Gemak
2. Geniet
3. Gezond

سەرچاوە ڕاپۆرتێکی ئنستیتۆتی

Alterra Onderzoekinistituut in Nederland

ئەم مۆدێلە لە گشتدا یانی؛

1. ئاسانی کارو ژیانی ئینسانەکان
2. خۆشگوزەرانی خۆشڕابواردن
3. تەندروستی ژیان و گوزەران

خێرایی و ڕاکە ڕاکەی ژیان و هەرجی زیاتر بەرهەمهێنان بۆ کەمایەتیەکی کەم ، خاوەنەکانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان هەوڵدەدەن، بە هاوکاری و هەماهەنگی زانست و دەزگاکانی زانکۆ و ئینستیوتەکانی لێکۆلینەوەو پەرەپێدان هەردەم لە هەوڵی ئەوەدان هەرچی زیاتر مرۆڤ هەموو تواناکانی بۆ زیاتری بەرهەمهێنان بەکار ببات و بە هەموو کار و ژیان و گوزەرانی خۆی ڕابگات.

ئەم ژیانە دەبێ ئاسانتر بێ، هەر لە خواردن و خواردنەوە و مال و هاتوو چۆو مردن و ژیان و هتد. سۆز بۆتە مەسەلەیەکی کاتی لە سیستەمی ئێستادا خۆشەویستی بۆتە ئەسیری دەستی گیرفان، خەڵکی ڕێز بۆ شێوە دادەنێن و ناوەرۆک ماڵئاوای دەکات. کات وکار ئاسانی لە ژیانی مرۆڤدا بۆتە بەشێ لە گرفتەکان.

لەلایەکی تر مەسەلە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بۆتە مەسەلەیەکی لانی کەم لە وولاتانی پێشکەوتووی پیشەسازیدا و هەمووی لە پێداوسیتەکانی لانی کەم بەهرەمەندە. لەلایەکی تر بۆتە مۆتەکەی مەرگ لە وولاتانی هەژاردا. خۆشگوزەرانی وا بۆتە مەسەلەیەکی ئەساسی بۆ مرۆڤەکانی وولاتانی ئەوروپایی و ئەمریکی. ئەمرۆ ئەم داواکاریە بە کۆمەلایەتی بۆتەوە. لە لایەکی تردا مەسەلەی خۆشگوزەران مەسەلەیەکی رێژەییە، ئەگەر مرۆڤ بە هۆشیاریە وە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.
ڕەنگە ئەوانەی تەنها نانی شەو و ڕۆژیان هەیە، زۆر ئاسوودەتر و سەربەرزتر لەوانە ژیان بەسەر بەرن کە چەندین سەهم یان لە بۆرسەکانی داوجۆنز و داکس دا هەیە. هەر ئاواشە و بەبێ دوودڵی ئەگەر تەنها پارەی نانت هەبێ، ئەوا هیچ خەمت نیە بەڵام ئەگەر بەهەزاران دۆلارت هەبێ لە خۆیەوە دەبێ بیر لە پرۆژەدا بکەیتەوە تا چەند جاران ببێتەوە. زۆر جاریش جاران سفر دەکرێت. سفر باشترین بەهایە بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤ. ئەوەی هیچی نەبێ لە هیچیش ناترسێ. زانای ماتماتیک پیانۆ دەڵێ هەر کەسێ سفرم بداتێ هەموو ماتماتیکی پێ دەدەم. سفر لێرە مانای ئەوە دەگەیەنێ لانی کەمی ژیانی مرۆڤ مسۆگەرەو هیچ قەرزاری و کەمی پێداویستەکانی ژیانی نیە.

تەندروستی مرۆڤ بۆتە مەسەلەیەک و بەرجەستە بۆتەوە، ئەمەش بەشێکە لە یەکلا بوونەوەی مەسەلە گشتیەکان و چڕ بوونەوەی لە کەسایەتی مرۆڤەکاندا لە لایەکی تر هۆشیاری مرۆڤایەتی نیشان دەدا.ئەم خۆ خەریکبوونە بە خۆ بەشێکە لە ئازادیەکانی سەردەمی ئێستا. کارێکی زۆر موسبەتە مرۆڤ تەندروستر بژی، بەڵام ئەمرۆ ئەمەش ئیمکاناتی دەوێ.
نەخۆشیەکانی مرۆڤ لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵگا و ژینگە ئەوانیش گۆڕاون و هۆیەکانی بەرهەمهێنان ئالوگۆڕی بە ئەوانیش داوە. تەندروستی مرۆڤ بەندە بە هەموو فاکتەرەکانی ژیان و گوزەران و سایکۆلۆژیا و بایۆلۆژیا و خواردن و خواردنەوە و دەوروبەر و هتد.
نە خۆشیە نوێیەکانی سەردەمی کۆمپیتەر و ئۆتۆماتیزیۆن بۆتە مەسەلەیەکی کوشندە. دونیا هەروا پێچەوانە دەبێتەوە پیشتر دەوڵەمەندەکان زۆریان دەخوارد و هەژارەکان هیچ نەبوو بخۆن بەڵام ئێستا لە وولاتانی پیشەسازی هەژارەکان زۆرتر دەخۆن و دەوڵەمەندەکان تەندروست دەژین و تەنانەت کچۆلە جوانەکان بۆ پاراستنی ژمارەی کەمەرەکانیان تووشی نەخۆشی ئنۆرۆکسیا بوون ئەمەش بۆ پێداویستی فۆتۆ مۆدێل و جل و بەرگە تەسکەکان و پارستنی کار و ژیان لە پاراستنی ئەناقەو شەفافە دایە.
تەمەن درێژی مرۆڤ و گۆڕانی هۆرمۆنەکانی مرۆڤ بۆتە ئاواتی مرۆڤەکانی سەردەم. لە لایەکی تر بێکاری و شەڕ کاولکاری کۆیلەی قەرز بۆتە بەشێ لە ژیانی ئینسانەکان.
کاریگەریەکان و داواکاریەکان لە گەڵ یەک و هێندێ جار دژ بەیەک کاردەکەن. ئەمانەش بەپێ شوێن و کات دەگۆڕێن. لە هەموو کاتێ دا بە کۆمەڵایەتی بوونەوەی مرۆڤ لە گشت مەسەلەکانی ژیان و گوزەراندا مرۆڤ ئاسوودە تر و سەربەرزتر دەکات. تەنیای و بەخۆ خەریک بوون لاتەریکبوونەوە و ئامانجی نادروستی هەیە.
ئەمە مانای ئەوە نیە کە مرۆڤەکان جیاوازیان نابێ هەبێ و هەمووومان یەکین. مرۆڤەکان لە بەهادا یەکسانن بەلام لە واقع دا هەمووومان جیاوازین لە یەک و ئەم جیاوازیانەش توانای مرۆڤ گەشە پێدەدەن. بەڵام نەک لەسەر حسابی یەکتری. چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە لەمە سەرچاوەی گرتووە. ئەدەبیاتی کلاسیکی چینایەتی زۆر باش تەعبیری لەمانە کردووە، بەڵام نەیتوانیووە ئەم واقعیاتە بەیان بکات کە جیاوازی مرۆڤەکان هەر دەمێنن و تەنها لە بەهادا هەمووومان یەکین و لە بەرامبەر یاسا دا هەمووومان یەکسانین.

داواکاری لە سیستەمی ئەمڕۆدا لە گەڵ ویستی مرۆڤەکان نا تەبایە، پێداویستەکانی کۆمەلگا زیاتر لەوە دایە مرۆڤ بە ئاشتی و ئازادی و خۆش بژی، بەلاّم لە لای خاوەن هۆیەکانی بەرهەمهێنان قازانجە و کەڵەکەی سەرمایەیە.
هەر لە وەرزش و میدیا تا دەگاتە هەموو داهێنانەکانی مرۆڤایەتی ئەسیری دەستی حوکمی سیستەمێکە کە پەرە بە جیاوازی دەداو لەگەڵ پێداویستەکانی کۆمەڵگا هەنگاو هەڵنانێ.
ڕەنگە بەحوکمی  بوونی ئازادی سیاسی و بە یاسایی بوونەوەی کۆمەڵگا و کاریگەری مرۆڤایەتی لەسەر پرۆسێسەکان باشترین هۆ بن بۆ فشار خستنە سەر موڵکداری تایبەتی و دەوڵەتەکانیان تا داواکاریەکانی کۆمەلاّیەتی و پێداویستە کۆمەلاّیەتیەکان ببنە سەرچاوەی بزوتنەوەی بازاڕی ناوخۆ و گەشەدان بە کۆمەڵگا.
ئەوکات مرۆڤەکان ئاسانتر و خۆشگوزەران تر و تەندروستر دەژین.
هەمان مۆدێل بە دیدگایەکی ترەوە، هەر بۆیەش بە سیستەمی ئێستا دەگوترێ دونیای پێچەوانە.

هۆلەند 2007